# تیۆری ڕێژەیی فیزیا و نیشانکارەکانی پراگماتیک

**پ. ی. د. هیوا عەساف**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە)**

زۆر جار میتۆد و تیۆری زانستێکی دیاریکراو بۆ ناو لێکۆڵینەوەکانی زانستێکی تر دەگوازرێتەوە و سوودی لێ وەردەگیرێت، وەک بەکارهێنانی (تیۆری پەرەسەندنی داروین، تیۆری ڕەوشتی...) لە بواری زمانەوانیدا، (تیۆری ڕۆنانکاری، تیۆری دەروونشیکاری...) لە بواری ئەدەبیاتناسیدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو تیۆرانە تایبەتمەندیی ئەوەیان تێدایە کە لە بوارێکی تر و بۆ شیکردنەوەی دیاردەیەکی تر بەکاربهێنرێن. تیۆری ڕێژەیی تیۆرێکی فیزیاییە، نیشانکارەکانیش لە بواری زمانەوانیدا کەرەستەی زمانیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی پراگماتیکین. لێرەدا لایەنی لێکچووی نێوان مامەڵەی تیۆری ڕێژەیی لەگەڵ هەندێک چەمک و دیاردەی کەتواری (واقیعی)، لەگەڵ مامەڵەی پراگماتیک لەگەڵ هەندێک کەرەستەی زمانیدا پیشان دەدەین.

**یەکەم: تیۆری ڕێژەیی:**

بەپێی تیۆری ڕێژەیی (ئەنیشتاین) زۆر لە چەمکەکان واتایەکی نەگۆڕ و ڕەهایان نییە، بەڵکوو واتاکانیان بە گۆڕینی دەوروبەری وەک کات و شوێن دەگۆڕێن. لە تیۆری ڕێژەییدا چەمکی (ئاراستە، قەبارە، کات، شوێن...) ڕێژەیین و لەگۆڕاندان، بۆ نموونە هەریەک لە (ڕاست و چەپ، گەورە و بچووک، شەو و ڕۆژ، جووڵاو و وەستاو، خێرا و لەسەرخۆ ...) چەمکی ڕێژەییان هەیە، تا خاڵی دەست پێکردن، سەیرکردن، کات و شوێن دیاری نەکرێن، نازانرێت بەدیاریکراوی مەبەست لەوانە چییە. با ڕێژەییبوونی هەندێک لەو چەمکانە ڕوون بکەینەوە:

**ئاراستە و شوێن:**

بەپێی ئەو تیۆرە چەمکی هەندێک وشەی تایبەت بە ئاراستە، وەک (ڕاست) و (چەپ) ڕێژەییە، تەنیا ئەو کاتە واتایان دیارە کە ئاراستەی ڕۆیشتن دیاری بکرێت، چونکە بەپێی ئاراستەی ڕۆیشتن واتای جیاواز دەدەن، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین (خانووەکە لای چەپی شەقامەکەیە)، بەپێی خاڵی

سەیرکردن، یان ڕۆیشتن لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕستەکە دوو واتای هەیە، کاتێک تۆ لە شاری (هەولێر) بەرەو باکوور دەڕۆیت ئەو ڕستەیە واتای ئەوە دەدات کە خانووەکە لە (ڕۆژئاوا)ی ڕێگاکەیە، بەڵام کاتێک بەرەو باشوور دەڕۆیت، واتای ئەوەیە خانووەکە لە (ڕۆژهەڵات)ی ڕێگاکەیە. جگە لەوە لە شوێنێکی تردا بارودۆخەکە بەجۆرێکی ترە، یان چەمکی (سەرەوە و خوارەوە)، کە بەپێی هێزی کێشکردنی زەوی دیاری دەکرێت، بەپێی لایە جیاوازەکانی گۆی زەوی جیاوازە، لە کەتواردا جیاوازە و واتای وشەکانیش جیاوازن، بۆ نموونە ئەو ئاراستەیەکی لای ئێمە (سەرەوە)یە، لە خاڵی بەرانبەری ئێمە لە دیوەکەی تری گۆی زەوی (خوارەوە)یە، چونکە هێزی کێشکردنی زەوی لەو دوو خاڵەدا بە ئاراستەی پێچەوانەیە. ئەگەریش لە گۆشەیەکەوە سەیری ڕۆیشتنی خەڵک لەسەر زەوی بکەین، وا دێتە بەر چاو کە خەڵکی لای پێچەوانەی گۆی زەوی بەگوێرەی شوێنی ئێمە سەراوژێر بە ڕێدا دەڕۆن، بەپێچەوانەشەوە لە دیدی ئەوانەوە ئێمە سەراوژێر بەڕێدا دەڕۆین، وەک خەڵکی (بۆگاتا -کۆلۆمبیا) و (جاکارتا- ئەندەنووسیا)، یان (لیما - پیرۆ) و (بانکۆک- تایلەند).

**قەبارە:**

چەمکی گەورە و بچووکیش بە هەمان شێوە ڕێژەیین، (مرۆڤ) بەگوێرەی (باڵەخانە)یەک بچووکە، بەڵام بەگوێرەی (مێروو)یەک گەورەیە، هەروەها بەگوێرەی دووری و خاڵی سەیرکردن، شتەکان بە قەبارەیەکی جێگیر دەرناکەون، بۆ نموونە منداڵێک کە چەند مەترێک لێمانەوە دووربێت، گەورەتر لە (خۆر) دەردەکەوێت، لە کاتێکدا قەبارەی خۆر چەند جار لە قەبارەی زەوی گەورەترە. کاتێک لە گۆشەیەکەوە دەڕوانیتە ئۆتۆمبێلێک، کە چەند مەترێک لێتەوە دوورە، گەورەتر لە ئۆتۆمبێلێکی تری هەمان جۆر دەردەکەوێت کە چەند کیلۆمەترێک لێتەوە دوورە، ئەگەر لە گۆشەیەکی لای ئۆتۆمبێلی دووەمەوە سەیر بکەین، دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە. بەم پێیە ئەوەی دەیبینین قەبارەی ڕاستەقینەی هیچ کام لە ئۆتۆمبێلەکان نییە، بەڵکوو گۆشەی ڕوانین و دووری لە شتی بینراو قەبارەکەمان بۆ دیاری دەکات، بۆیە باسکردنی قەبارە بەبێ دیاریکردنی خاڵ و گۆشەی بینین بێ واتایە.

**کات:**

چەمکە جیاوازەکانی کات، وەک (شەو و ڕۆژ، کاتژمێر..) ڕێژەیین و واتای گۆڕاویان هەیە، چونکە لە کاتێکی دیاریکراودا لە هەندێک شوێنی سەر زەوی ڕۆژە، بەڵام لە هەندێک شوێنێکی تر لەو کاتەدا شەوە، یان کاتێک دەڵێین (ئێستا کاتژمێر پێنجە)، لە زۆر وڵاتی تر هەمان کات هەمان کاتژمێر نییە، بۆ نموونە ئەگەر لەم کاتەدا سەیری کاتژمێر بکەین، لە زۆر وڵاتی تر، ئێستا کاتژمێر هەمان کات پیشان نادات. بەم پێیە پرسیاری (کاتژمێر چەندە؟) بەبێ دیاریکردنی شوێن پرسیارێکی ئاڵۆزە.

**دۆخی وەستاو و جووڵاو:**

لەسەر ئەو بنەمایەی زەوی دۆخێکی وەستاوی نییە، وەستاو دۆخی ئەو کەرەستەیەیە کە بە هەمان خێرایی و ئاراستەی جووڵەی زەوی و لەگەڵ زەویدا دەجووڵێت. جووڵاویش دۆخی ئەو کەرەستەیەیە کە بەو جۆرەی یەکەم ناجووڵێت، ڕەنگیشە وەستابێت. بەم پێیە ڕەهایی لە چەمکی (وەستاو) و (جووڵاو)دا نییە، ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە وەستاوە، دەجووڵێت، هەروەها

بەپێچەوانەشەوە. با ناوەندەکە بچووکتر بکەینەوە، ئەگەر سەیری دۆخی تەنێکی ناو شەمەندەفەرێکی وەستاو و تەنێکی ناو (شەمەندەفەرێکی جوولاو بە خێراییەکی نەگۆڕ) بکەین، دەبینین وەک یەک دێنە بەرچاو کە وەستاون، واتە بەهۆی جووڵەی نەگۆڕی شەمەندەفەرەکە تەنەکانی ناوی وەک وەستاو دەردەکەون، لە ڕووی فیزیکیشەوە هەمان دۆخیان هەیە، بۆیە کاتێک گۆیەک لە ناو شەمەندەفەرە جوولاوەکە بۆ بنمیچ هەڵبدەین، دەبینین هەر وەک هەمان کردار لەناو شەمەندەفەرە وەستاوەکە، لە گەڕانەوەدا گۆیەکە بە ستوونی دێتە خوارەوە و دەکەوێتە ناو دەستمانەوە. بەم پێیە تەنی (وەستاو) لەناو شەمەندەفەرە جوولاوەکەدا ئەو تەنەیە کە بە هەمان خێرایی و ئاراستەی شەمەندەفەرەکە (دەجووڵێت)، بەڵام تەنی (جوولاو) ئەو تەنەیە کە بە هەمان خێرایی و ئاراستە (ناجووڵێت)، ئەگەریش بەگوێرەی دەرەوەی شەمەندەفەرە جوولاوەکە تەنێکی ناوی (وەستاو)بێت، ئەوە بەگوێرەی ناو شەمەندەفەرەکە وەک (جوولاو) دەردەکەوێت.

**دووەم: نیشانکارەکان:**

نیشانکارەکان ئەو کەرەستە زمانییانەن، واتایەکی ڕێژەیی و گۆڕاویان هەیە، بە هەمان پێوەری تیۆری ڕێژەیی واتاکانیان دیاری دەکرێت. واتاکانیان بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر و بەگوێرەی کات و شوێن و کەس دەگۆڕێت، بۆیە دەبن بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی، وەک (من، تۆ، دوێنێ، ساڵێکی تر، ئێرە، ئەوێ ...تاد).

نیشانکارەکان واتایەکی فەرهەنگی دیارکراویان نییە، بەڵکوو لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتاکانیان لێڵە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستمان بە پراگماتیک و گەڕانەوەیە بۆ دەوروبەر، لەبەرئەوەیە گوێگرێک کە ئاگاداری دەوروبەر (کات، شوێن، کەس) نەبێت، بەدیاریکراوی نازانێت مەبەست لە واتای ئەو کەرەستانە چییە و ڕستەیەک کەرەستەی وای تێدابێت، بۆی ڕوون نییە. بەپێچەوانەوە ڕستەکان بۆ کەسێک کە پاشخانێکی هەبێت، واتە ئاگاداری کات و شوێنی ئاخاوتن بێت و بزانێت (قسەکەر و گوێگر) کێن و باسی کێ دەکەن، ڕوونن. لەسەر ئەو بنەمایە نیشانکارەکان دەبن بە کەرەستەی بەستنەوەی زمان و دەوروبەر بە یەکترەوە.

نیشانکارەکان واتایەکی گۆڕاویان هەیە، چونکە واتاکانیان بەگوێرەی کەس و کات و شوێنی جیاواز دەگۆڕێن. قسەکەر کە قسەدەکات، خۆی دەکات بە سەنتەر و لە ڕوانگەی خۆیەوە ناوی ئەوانی تر دێنێت، لە هەمان کاتدا کەسی دیاریکراو دەکات بە گوێگر و بە ڕێککەوتنی لەگەڵ گوێگردا کەسێک، یان زیاتر دەکات بە کەسی سێیەم و بە (ئەو، ئەوان) ناویان دەبات. ئاخاوتن لە کات و شوێنێکی دیاریکراو ڕوودەدات، قسەکەر و گوێگر ئەو کات و شوێنە دەکەن بە نیشانە و لەو خاڵەوە لەبارەی شتەکانەوە دەدوێن. بەم پێیە بە گۆڕینی قسەکەر و گوێگر، هەروەها بە گۆڕینی کات و شوێنی تایبەت بە ئاخاوتنەکە لە ڕووی فیزیکییەوە، خودی شتەکان دەگۆڕێن، بۆیە ئەو کەرەستانەی بۆ ناوهێنانیان بەکاردێن، واتاکانیان دەگۆڕێن.

**نیشانکارەکان چەند جۆرێکیان هەیە، لەوانە:**

**نیشانکاری کەس:**

ئەو کەرەستانەن، لە ڕوانگەی بەشداربووانی ئاخاوتنەوە ئاماژە بە کەسی دیاریکراو دەکەن، لە ڕوانگەی کەسانی دەرەوەی بازنەی پێوەندییەکە واتاکانیان نادیارە. بە گۆڕینی قسەکەر و گوێگر و (کەسی سێیەم بەگوێرەی ئەوان)، واتای ئەو کەرەستانە دەگۆڕێن، بۆ نموونە وشەی (من)

کەرەستەیەکی نیشانکارە و دەکرێت ئاماژەبێت بۆ بێکۆتا کەس، ئەگەر وشەکە لە زاری کەسێک بە ناوی (نێرگز)ـەوە دەربچێت لە ڕووی فیزیکییەوە ئاماژەیە بۆ تەنێکی دیاریکراو، لە ڕووی واتاییشەوە ئاماژەیە بە خودی ئەو کەسە بە ناوی (نێرگز)، بەڵام ئەگەر لە زاری (کاوە، هەژار، نازەنین ...) ـەوە دەربچێت، لە ڕووی فیزیکی و لە ڕووی واتاییەوە ئاماژەیە بۆ تەن و چەمکی جیاواز لە هی یەکەم.

بەم پێیە (من) واتایەکی ڕێژەیی هەیە، من بەگوێرەی خودی خۆم کاتێک قسەکەرم دەبم بە (من)، بەگوێرەی (تۆ) (من) نیم، واتە تۆ ناتوانی پێم بڵێی (من)، بەڵکوو بەگوێرەی تۆ (من) دەبم بە (تۆ)، واتە (من) بەلای تۆوە (تۆ)م، بەلای خۆمەوە (من)م، واتە بە گۆڕینی قسەکەر، واتای وشەکە دەگۆڕێت.

ئەم هاوکێشەیە بۆ کۆمەڵێک کەرەستەی تری وەک (ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان، کوڕەکە، ئەمە، ئەم کوڕە، ئەو کوڕە ....) ڕاستە.

**نیشانکاری شوێن:**

ئاخاوتن لە شوێنی دیاریکراو ڕوودەدات، یان قسەکەر و گوێگر شوێنێک دەکەن بە نیشانە و لە ڕوانگەی ئەو شوێنەوە لە شوێنی تر و دیاردەکان دەڕوانن. بە گۆڕینی شوێنی ئاخاوتن، یان شوێنی نیشانەکراو واتای کەرەستەکان دەگۆڕێن، جاری وا هەیە پێچەوانەش دەبنەوە، بۆ نموونە دوو کەس لە ئاخاوتندا باسی (هەولێر) و (کەرکووک) دەکەن، ئەگەر ئاخاوتنەکە لە هەولێر بێت، ئەوە لەبری ئەوەی هەموو جار ناوی هەولێر بهێنن، وشەی (ئێرە) بەکاردێنن، بۆ کەرکووکیش وشەی (ئەوێ) بەکاردێنن، ئەگەر ئاخاوتنەکە لە کەرکووک بکرێت، ئەوە واتای وشەکان پێچەوانە دەبێتەوە، ئەو کات (ئێرە) واتای (کەرکووک) دەدات، نەک (هەولێر)، هەولێر بۆ ئەوان دەبێت بە (ئەوێ). ئەم هاوکێشەیە بۆ ئاوخاوتنێکیش ڕاستە، کە باسی دوو شوێن بکرێت، کە دووریی نێوانیان چەند مەترێک بێت، ئەو کات شوێنە نزیکەکە دەبێت بە (ئێرە) و شوێنە دوورەکە دەبێت بە (ئەوێ)، ئەگەریش قسەکەر شوێنی بگۆڕێت و بەگوێرەی شوێنەکە پێچەوانە ببێتەوە، واتای وشەکان پێچەوانە دەبنەوە. بەم پێیە ئەم جۆرە وشانە بەگوێرەی شوێنی ئاخاوتن ئاماژە بۆ شوێنی جیاواز دەکەن و واتا وەردەگرن و واتاکانیان دەگۆڕێت.

با نموونەیەکی تر بهێنینەوە، کاتێک دەڵێین (لە هەولێرەوە هاتووم)، ئەم ڕستەیە بە گۆڕینی شوێنی قسەکردن واتای دەگۆڕێت و لە ڕووی فیزیکییەوە ئاماژە بە (دووری)ی جیاواز و ڕێگای جیاواز دەکات. کاتێک لە (شەقڵاوە) ئەو قسەیە بکرێت ئاماژەیە بۆ دوورییەکی دیاریکراو و ڕێگایەکی دیاریکراو، بەڵام ئەگەر لە (مووسڵ) ئەو قسەیە بکرێت دووری و ڕێگاکە شتێکی ترە.

ئەمانە نموونەی کەرەستەی تری نیشانکاری شوێنن: (لێرە، لەوێ، بێرەدا، بەوێدا، شەقامەکە، لە هەولێرەوە، ئەم شارە، لەم شارە، ئەو شارە، لەو شارە ...).

**نیشانکاری کات:**

ئەو وشانەن، لە ڕوانگەی بەشداربووانی ئاخاوتنەوە ئاماژە بە کات دەکەن، بە گۆڕینی کاتی ئاخاوتن واتایان دەگۆڕیت. ئەگەر لە ڕۆژی (شەممە) لە ڕێکەوتێکی دیاریکراودا بگوترێت (دوێنێ)، ئاماژەیە بۆ ڕۆژی پێش ئەو ڕێکەوتە دیاریکراوە، واتە (هەینی)یەک لە ڕێکەوتێکی دیاریکراودا، خۆ ئەگەر لەو هەینییەدا بگوترێت (دوێنێ)، ئەوە ئاماژەیە بە (پێنج شەممە)یەکی دیاریکراو. بەم پێیە بە گۆڕینی

هـەر ڕۆژێکـی حەفتـە، یـان بـە گۆڕینـی (شـەممە) کانی مانگ و ساڵ، چەمکی (دوێنـێ) جیاواز دەبێت و ئامـاژە بـە کاتێکـی فیزیکـی جیـاواز دەکات. بـە جۆرێکی تـر؛ لـە هـەر ڕۆژێکدا بڵێـی (دوێنـێ) واتایەک دەدات، کـە لـە واتـای (دوێنـێ)ی هیـچ ڕۆژێکـی تـر ناچێـت، چونکـە لـە هیـچ کامیانـدا کاتـەکان هەمـان کات نیـن، یـان کاتێـک دەڵێیـن (سـەعاتێکی تـر) لـە هـەر چرکەیەکـدا ئاماژەیـە بـە کاتێکـی جیـاواز، چونکـە کاتـی دەسـتپێکردنی ئـەو سـەعاتە لـە دوای تەواوبوونـی گوتنەکـەوە دەسـت پـێ دەکات، کاتـی فیزیکیی ئاماژەپێکـراو دوای (٦٠ خولەک)ــە لـە کاتـی ئاخاوتـن، بۆیـە بـە گۆڕینـی کاتـی ئاخاوتـن، کاتـی ئاماژەپێکـراو و واتـای گوتنەکـە دەگۆڕێـت.

نموونـەی نیشـانکاری تـری کات (ئەمـڕۆ، پێـرێ، ئەمسـاڵ، پـار، پێـرار، بەسـترپێرار، بەیانـی، دووبەیانـی، حەفتـەی داهاتـوو، سـاڵی داهاتـوو، حەفتـەی ڕابـوردوو، نیـوەڕۆ، ئێـوارە، دوای نیـوەڕۆ، ڕۆژێـک/ مانگێـک/ سـاڵێکی تـر....).

## نیشانکاری کۆمەڵایەتی:

ئـەو وشـانەن لە ڕوانگـەی بەشداربووانی ئاخاوتنەوە (بەتایبـەت قسـەکەر) ئامـاژە بە پێوەنـدی کۆمەڵایەتی دەکـەن، واتاکانیشـیان بـە گۆڕینـی بەشـداربووان دەگۆڕێـن و لـە کەتوار(واقیع)دا ئاماژە بە کەس(تەن)ی جیـاواز دەکـەن، بـۆ نموونـە کەسـێک کـە بـۆ مـن دەبێـت بـە (مـام)، پێوەندییەکـی تـری لەگـەڵ کەسـی تـردا هەیـە، هەمـان کـەس بـۆ کوڕەکـەی دەبێـت بـە (بـاوک)، بـۆ خوشـکەکەی دەبێـت بـە (بـرا)، بـۆ باوکـی دەبێـت بـە (کوڕ)...تـاد، واتـە ناونانـی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بنەمایەکـی ڕێژەیـی هەیـە و پێوەندییـەکان بەگوێـرەی کەسـە جیـاوازەکان جیـاواز دەبـن. هـەر هەمـان وشـە بەگوێـرەی کەسـە جیـاوازەکان ئامـاژە بـە کەسـی جیـاواز دەکـەن، (مـام) لای مـن ئاماژەیـە بـۆ کەسـێک، بـەڵام لای کەسـی تـر ئاماژەیـە بـۆ کەس(تـەن)ی جیـاواز، چونکـە مامـی ئـەو کەسـێکی تـرە. بـەم پێیـە بـۆ تێگەیشـتن لـە واتـای کۆمەڵێـک وشـەی تایبـەت بـە پێوەنـدی کۆمەڵایەتـی، پێویسـتمان بـە دیاریکردنـی قسـەکەر و ڕوانگـەی قسـەکردن هەیـە.

(پـوور، دایـک، خوشـک، بـرا، باپیـر، داپیـر، کوڕ(ابـن)، کچ(ابنـة)، پیـاو(زوج)، ژن(زوجـة)، بـرازا، خوشـکەزا(خوارزا)...) نموونـەی تـری نیشـانکاری کۆمەڵایەتیـن.

## پوختە:

تیـۆری ڕێژەیـی مامەڵـە لەگـەڵ کەتـوار و لەگـەڵ مـادەدا دەکات و لـە ڕەهەنـدی فیزیکییـان دەدوێـت، ڕێژەییبوونـی هەندێـک چەمـک و تێگەیشـتن لـە دیـاردە فیزیکییـەکان دەسـەلمێنێت. تیۆرەکـە ڕوونـی دەکاتـەوە، ئـەو دیاردانـە چەمکـی ڕەهایـان نییـە و دەبێـت بەگوێـرەی کات و شـوێن و شـتی تـرەوە پێناسـەبکرێن. تیـۆری ڕێژەیـی لـە ڕوونکردنـەوەی بۆچوونەکانـدا بەشـێک لـە بۆچوونەکانی دێنە سنووری لێکۆڵینـەوەی زمانـی و واتـای پراگماتیکییـەوە، واتـە وەک بۆچوونـی زمانەوانـی دەبینرێـن و دەتوانرێـت وەک تیۆرێکـی لێکدانەوەی واتـا سـەیربکرێن. ئـەو بۆچـوون و مامەڵەیـەش هاوشـێوەی بۆچـوون و مامەڵـەی پراگماتیکـە لەگـەڵ کەرەسـتە نیشـانکارەکانی زمانـدا. بەجۆرێکـی تـر بیڵێیـن؛ لە پراگماتیکدا بـە تێڕوانینێکی هاوشـێوەی تیـۆری ڕێژەیـی سـەیری کەرەسـتە نیشـانکارەکان دەکرێـت، چونکـە نیشـانکارەکان واتاکانیـان بەگوێـرەی خاڵێـک لـە (کات و شـوێن و پێوەنـدی) دیـاری دەکرێـن، بەپێچەوانـەوە واتاکانیـان لێڵـن و ناتوانرێـت دیـاری بکرێـن.